بانگەوازێک لە جنۆکەکان هات بۆ لام ومنیش ڕۆیشتم لەگەڵیدا وقورئانم بەسەریاندا خوێند

لە عامرەوە دەڵێت: پرسیارم لە عەلقەمە کرد: ئایا ئیبن مەسعود لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- بوو لە شەوی جنۆکەکاندا (کاتێک گەیشت پێیان)؟ عەلقەمە ووتی: پرسیارم لە ئیبن مەسعود کرد، ووتم: ئایا هیچ یەکێکتان لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- بوو لە شەوی جنۆکەکاندا (کاتێک گەیشت پێیان)؟ ووتی: نەخێر، بەڵام شەوێکیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا بووین -صلى الله عليه وسلم- بەڵام دیار نەما؛ بە دوایدا گەڕاین لە نێو دۆڵ وگردەکاندا، ووتمان: لەوەیە لە لایەن جنۆکەکانەوە بۆ ئەوێ بردرا بێت یان کوژرا بێت، بۆیە خراپترین شەومان بەسەر برد کە بە سەر خەڵکیدا هاتبێت، کاتێک بەیانیمان بەسەردا هات لە -ئەشکەوتی- حیرائەوە هات، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، دیار نەمایت وبە دوای تۆدا گەڕاین بەڵام تۆمان نەدۆزییەوە، بۆیە خراپترین شەومان بەسەردا هات کە بەسەر خەڵکیدا هاتبێت، فەرمووی: «بانگخوازێک -نێردراوێک- لە جنۆکەکان هات بۆ لام ومنیش ڕۆیشتم لەگەڵیدا وقورئانم بەسەریاندا خوێند»، بۆیە ئێمەی برد وشوێنەواری ئەوان وشوێنەواری ئاگرەکەیانی پێمان نیشاندا، و -جنۆکەکان- پرسیاریان (لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) سەبارەت بە قوت وخۆراکیان، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بۆ ئێوەیە هەموو ئێسکێک دەستتان بکەوێت کە ناوی خودای لەسەر هێنرا بێت؛ گۆشتی لەسەر زیاتر دەبێت، وهەموو پاشەڕۆیەکی ئاژەڵ -تەپاڵەیەک- خواردنە بۆ ئاژەڵەکانتان»، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بۆیە تارات بەوانە مەکەن -خۆتان بە ئەوانە پاک مەکەنەوە- چونکە ئەوانە خۆراکی براکانتانن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عامر ئەلشەعبی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- پرسیاری کرد لە عەلقەمە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، وهەردوویان لە تابیعین، ووتی: ئایا ئیبن مەسعود لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- بوو لە شەوی جنۆکەکاندا (کاتێک گەیشت پێیان)؟ عەلقەمە پێی ووت: سەبارەت بە ئەمە پرسیارم لە ئیبن مەسعود کرد، ئەویش (ئیبن مەسعود) پێی ووت کە هیچ یەکێکیان لەگەڵی ئامادەی ئەو ڕووداوە نەبوون، بەڵام شەوێکیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوون -صلى الله عليه وسلم- لەناکاو دیار نەما وبە دوایدا گەڕان لە نێو دۆڵ وگرد ولەسەر ڕێگاکاندا؛ بەڵام نەیان دۆزیەوە، ترسان لەوەی بە نهێنی کوژرا بێت یان جنۆکەکان ئەویان بردبێت، بۆیە ئەو شەوە زۆر خەفەتبار ودڵتەنگ بوون، وکاتێک بەیانیان بەسەردا هات پێغەمبەریان بینی لە ئاراستەی ئەشکەوتی حیرائەوە هات، پێیان ووت کە ئەو دیار نەما وبە دوایدا گەڕان نەیاندۆزیەوە بۆیە ئەو شەوە زۆر دڵتەنگ وغەمبار بوون، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: بانگخوازێک -نێردراوێک- لە جنۆکەکان هات بۆ لای وئەویش لەگەڵیدا ڕۆیشت بۆئەوەی قورئان بخوێنێت بەسەر جنۆکەکاندا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ هاوەڵاندا ڕۆیشت بۆئەوەی شوێنەواری ئەوان وشوێنەواری ئاگرەکەیان نیشان بدات، وبە هاوەڵانی فەرموو کە جنۆکەکان داوایان لێکرد سەبارەت بە قوت وخۆراکیان، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- بە جنۆکەکانی فەرموو: بۆ ئێوەیە هەموو ئێسکێک دەستتان بکەوێت کە ناوی خودای لەسەر هێنرا بێت؛ گۆشتی زیاتری لەسەر دەبێت، وهەموو پاشەڕۆیەکی ئاژەڵ -تەپاڵەیەک- خواردنە بۆ ئاژەڵەکانتان، پاشان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی ئومەتەکەی خۆیان پاک بکەنەوە بە ئێسک وپاشەڕۆی ئاژەڵ؛ چونکە ئەوانە خۆراکی براکانیانن لە جنۆکەکان.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee